# ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی

ئامادەکردن

ڕەفیق سالح    عەبدوڵڵا زەنگەنە

## لە جیاتی پێشەکی

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی نووسینەوە، مرۆڤ بەرهەمی بیری خۆی تۆمارکردووە، بۆ بەدەستهێنانی زانیارییش، پۆلینی کردوون و پێرستی گونجاوی بۆ داناون، لەو ڕۆژەوە تاکوو ئەمڕۆ، ئەم کارە هەر درێژەی هەیەو بەردەوامە، نەخوازەڵڵا لەم سەردەمەی پێشکەوتنی زانیاریی وتەکنەلۆژیادا، کە ئێمەی تێدا دەژین، تەقینەوەی زانیاری دنیای گرتۆتەوە، مرۆڤی ناچار کردووە بۆ کۆنترۆل کردنی ئەم لێشاوەی زانیارییە بکەوێتەخۆ، تا لای خۆی بیپارێزێ، تا بەشێوەیەکی ئاسان و خێرا سوودی لێ وەربگرێ. دیارە ئەمڕۆ کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، کە نەتەوەی ئێمە درەنگتر دەستی پێیگەیشتووە، ڕۆڵی کاریگەریان لەم بوارەدا دیووە.

ئەم هۆیانەیە، بیبلیۆگرافیای وەك زانستی پێڕستکردن و حازر بەدەست هێشتنەوەی زانیاری هێناوەتە مەیدان. ئەمڕۆ میللەتانی پێشکەوتووی جیهان، بیبلیۆگرافیایان بۆ هەموو بوارێکی زانست و زانیاری سازو ئامادە کردووە، تا لێکۆڵەرەوەو توێژەران، تەنانەت خوێندەوارانیش، لەکات و ساتی خۆیدا. پێ بەپێ کەڵکی پێویستی لێ وەرگرن و ببینن.

ڕۆژنامەو گۆڤار، وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندنی جەماوەریو میللی، هەواڵ و بابەت و زانیاری سیاسیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابوورییان، لەپاڵ چالاکی هونەریو وەرزشیو زانستی دیکەی ژیاریی، تێدا نووسراوە، ئەوە جگە لەو بابەتانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەژیانی ڕۆژانەی خەڵك و کۆمەڵەوە هەیە.

زانیاریی دووتوێی نێو گۆڤارو ڕۆژنامەکان، ئەگەر لەگەڵ هی کتێب و چاپکراوی دیکەدا بەراورد بکرێن، تازەن و زۆربەیان جارێکی دیکە وەکو کتێب چاپ و بڵاوناکرێنەوە، ئەمەش بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار نرخ و بەهایەك دەداتە ئەو زانیارییانە، نەك هەر ئەوەندە، ئەو زانیارییانەی نێو گۆڤارو ڕۆژنامەکان، با ناحەزانیش نووسیبیانەوە، لەگەڵ ئەوەی دووتوێی کتێب و بڵاوکراوەکانی دیکە بەراورد ناکرێن، بەڵکو ئێمە پێمان وایە ڕاستگۆیانە تریشن، واتە ڕۆژنامەوانیی کەناڵێکی گرنگە بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوەییو نیشتمانیو ئاوێنەیەکی باڵانوێنی مێژووی شارستانییەت و سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ لێکدانەوەی جیاجیاو هەموو جۆرە توێژینەوەیەك، هەر لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی، لەهەر چاپکراوێکی دیکە، زیاتر

زانیـــاری هەمـــەجۆری تێدایـــەو بـــۆی پاراستووین.

بەداخـــەوە دانەمـــەزراوی لەمێژینـــەی هەلومـەرجی سیاسـیی کوردسـتان، بووەتـە مایـــەی نـــەبوونی ئەرشـــیفێك یـــان کتێبخانەیـــەکی نیـــشتمانی کـــە گـــشت بڵاوکـراوەو چاپکراوێکی کـوردی سـەبارەت بـــەکورد، بـــەگۆڤارو ڕۆژنامەشـــەوە، تێـــدا کۆبکرێتـەوەو بپارێزرێ، ئەمـەش بۆتـە هـۆی لەناوچـــوون و فـــەوتانی زۆربـــەی ئـــەو لەچاپدراوانە، بەتایبـەتی ئەوانـەی سیاسـی، کـە بـەنهێنی لـە قۆناغـە جیاجیاکـانی ژیـانی نەتەوەکـــەمان دەردەچـــوون، ئەمـــەش وای کـردووە، لێـرەو لـەوێ، بـە زەحمـەت دانـەیان چنگ بکەوێت و پەیدا بکرێنەوە، بۆیە ئەرکی ئامـــادەکردنی بیبلیۆگرافیایـــەکی تـــەواوی ڕۆژنامـەوانیی کـوردی، کـە زانیـاری ڕاسـت و دروستی تێدابێ، سـەخت و دژوارە، هـەر لـەم ڕوانگەیەوە، ئێمە هێشتا ڕێبـەرێکی ڕاسـت و دروســت و تــەواومان نییــە، تــا ســەرجەم بەرهەمـــە ڕۆژنامەوانییـــەکانی کـــوردی، بـــە گۆڤـــارو ڕۆژنامـــەو بڵاوکـــراوەوە، بـــە بەڵگەنامەسازی تێدا ڕێکخرابێ، ئەوەی لـەم ڕووەیـــشەوە، وەك کارەکـــانی هـــەر یـــەك لـــە بـــەڕێزان: عەلائـــەدین ســـجادیو جـــەمال خەزنەدارو شەهید جەبار جەباری و د. کەمال مەزهـەرو مالمیـسانژی مـەحمود لەوەنـدیو ئیسماعیل تەنیا ... هتد کراون.

ســـەرباری ئـــەوەی کـــە لـــە هەوەڵـــەمین بەرهەمەکانی ئەم بوارەن و مایـەی ستایـشن، بـــەڵام، کـــەم و زۆر، لـــە هەڵـــەو ناتـــەواوی بـەدەرنیین، خۆشـبەختانەش، لـەم سـاڵانەی دواییدا، لێرەو لـەوێ، سـەبارەت بە ڕۆژنامـەو گۆڤـــارە دانـــسقەکانی کـــوردی، چـــەندان لێکۆڵینـــەوە، بڵاوکراونەتـــەوە. چـــەندان ڕۆژنامـەو گۆڤـاری دەگمـەن و کـۆنی کـوردی وەك: (کوردسـتان، کـورد تـەعاون تـەرەقی، ڕۆژی کـــورد، تێگەیـــشتنی ڕاســـتی، پێـــشکەوتن، بـــانگی کوردســـتان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال، ژیانـــەوە، ژیـــان، زاری کرمـــانجی، دیـــاری کوردســـتان، پەیـــژە،دیاری لاوان و یادگـــاری لاوان، هـــاوار، ڕوونـــاکی، ســـتێر، ڕۆژانـــوو، نیشتمان، یەکێتی تێکۆشین، نزار، ڕۆژنامـەی کوردســتان 1946، هەلاَلـە، ئـاوات، هـاواری نیـشتمان، رونـاهی، هێڤـی...هتـد) دووبـارە چـــاپ و بڵاوکراونەتـــەوە. کـــە بەمـــەش کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کراوە، ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانـەش لەفـەوتان و لەناوچوون ڕزگـار کـراون، بـەڵام هێشتا کارەکـە، تـەکانی دیکەی دەوێ، بۆیە ئێمە، هەریەکەمان، لـەلای خۆمانەوە، چەند ساڵێکە پەییمان بەم کەلێنـە بـــردووە، کـــە هێـــشتا پـــڕ نەکراونەتـــەوە، ئەوەنـــدەی بۆمـــان کرابـــێ هـــەوڵمان داوە بەشێکی دیاری ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە پەیدا بکەینەوە، تا ئەوەنـدە زانیاریی کۆبکەینـەوەو بـــــڕوای تەواویـــــشمان بـــــەخۆبێت، بیبلیۆگرافیایـەکی فـراوان و کـامڵی لێ ئامـادە بکـــەین، خـــۆ ئەگـــەر بڵاوکراوەکانیـــشمان هەمووی دەست نەکەوتبن، ئەوا زانیاریمان بە

بەراوردکردنی سەرچاوەی بڕواپێکراو وەرگرتووە هەڵێنجاوە.

ئەم بیبلیۆگرافیایەی بەردەست، ئەنجامی ئەم ڕەنجەیە کە بۆ ئەم مەبەستە داومانە، تیایدا رەچاوی ئەو خاڵەشمان کردووە کە رابردووەکانمان، لەهەر تەمەنێکدابن و هەر کەم و کوڕییەك لە کارەکانییاندا هەبووبێت، مادام لەبارەی ئەم بوارەوە چەند وشەیەکیان پێش ئێمە نووسیوە، ئەوا هەر بەمامۆستای خۆمانیان دەزانین. بەدووریشی نازانین هەڵەو کەم و کوڕی لە کارەکەی ئێمەشدا هەبێت، بۆیە داوا لە شارەزایان و ئاگادارانی ئەم مەیدانە دەکەین، بەخیلیمان پێ نەکەن و بەڵکو هەوڵ بدەن لەلای خۆیانەوە رێنوێنیمان بکەن و لە هەر هەڵەیەك ئاگادارمان بکەنەوە، تا بە هەموو لایەکمان بتوانین بیبلیۆگرافیایەکی سەرتاسەری، تا رادەیەکی زۆر تەواو، بخەینە کتێبخانەی کوردییەوە.


لەم رابەرەدا بە پێویستمان زانی یاداشتی سەرجەم ئەو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانە بکەین، کە بەکوردی یا هەر زمانێك لەلایەن کوردەوە یا لە ناو کوردستاندا دەرچوو بن بکەین، چ بە دەستخەت و لەسەر کاغەزی رایز بە چەند دانەیەك بە نهێنی یان بە شێوەی ئاشکراو تەنانەت بە شێوەی کتێب دەرچوو بن، ئەویش لەو قەناعەتەوە کە ئەمە تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەوانی کوردییە، هەلومەرجی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و بێ بەشبوونی کورد لە مافە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکانی ئەم حاڵەتەی دروست کردووە. بۆیە بۆ تەوسیق کردنی مێژووی رۆژنامەوانی کوردی تەنانەت ئەگەر یەك ژمارەشیان لێ دەرچووبێ تۆماریان بکەین.

هیوادارین بەم کارەمان، خزمەتێکی بچووکی هەموو لایەکمان کردبێت..

**کوردستان**

**ڕۆژنامە**

1898


کردستان

**کوردلری ایقاظ وتحصیل صنایعه تشویق ایچون شمدیلك**

**پــــازدە ڕۆژا جــــارەکی تێـــت نڤیـــساندن، جەریدەیا کوردییە.**

**صاحب و محرری:**

1. **بــەدرخان پاشــازادە میقــداد میدحــەت، ژمارە**(1–5) .

2. **عەبدولڕەحمان بەدرخان، ژمارە** (6–31).

**پێوانە:** (5ر25×5ر32)**سم**،4 **لاپەڕەیە.**

**چاپخانە: هیلال، کوردستان، جەمعیەتا تفاق و قەنجیا موسلمانان، هیندییە، ئینتیقام.**

**جێگـا:** ژ(1–5) (**قـاهرە**)، ژ(6–9)(**جنێـف**)، ژ(20–23)(**قاهیرە**)، ژ 24) (**لەندن**)، ژ(25–29) (**فۆلکستون**)، ژ(30–31) (**جنێف**).

**زمان: کوردی (جزیرو بۆتان)، تورکی.**

**ڕێنووس: عەرەبی.**

**ژمارەکان:**

– **ژمـارە**(1)، **پێـنج شـەممەی ڕێکـەوتی** 30 **ذي‌القعدە** 1315 (22 **نیسان** 1898).

– **ژمـــــارە**(31)، 6**ی محــــــرم** 1320(14**ی نیسانی** 1902).

**تێبینی :**

**هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئـەم ڕۆژنامەیـە تـا سـاڵی** 1906، **بـەردەوام دەرچـووبێت، سەرچـاوەی دیکـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات ڕێکخراوێکـی نهـێنی کـوردی لەپـشت دەرچـوونی بووبێـت، هـی دیکـەش هەیـە بـە ڕۆژنامەیـەکی سـەربەخۆی ئـەهلی دادەنێت. لـە ژمارە** (4) **بەدواوە بەشێکی بە تورکی بووە.**

**بۆ پـتر بەدەستهێنانی زانیاری، بنـواڕە: ڕۆژنامــــــەڤانی (گۆڤـــــار)، ســــــەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، ژمـارە** (8)، **بـەهاری** 2002، **لاپـەرە، ژمارەیـەکی تایبـەت بە(کوردستان)ی یەکەمین ڕۆژنامـەی کـوردی بووە.**

*** ژمــــــارە ئەســــــڵییەکانی ڕۆژنامـــــــەی (کوردسـتان)، لەلایـەن ئـەو زاتانـە دووبـارە چاپ کراونەتەوە:**

– **کـەمال فوئـاد(د.)، کوردســتان یەکــەمین ڕۆژنامەی کوردی، بەغدا** 1972.

– **مـەحمود زامـدار، (کوردسـتان)ی دایـك، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هـەولێر،** 1998.

– **محەمـەد ئـەمین بۆزئارسـلان، کوردسـتان ڕۆژنامـا کوردیـیا پێـشین، بـەدوو بـەرگ لـە سوید چاپکراوەتەوە.**

– کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی(1898–1902)، وەرگێرانی بەشە تورکیەکەی شێرزاد عەبدولکەریم، پێداچوونەوەی مستەفا زەنگەنە، عوسمان هەورامی، بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپخانەی داناز، سلێمانی، 2000.

– مالمیسانژ: هەردوو ژمارە (17، 18)ی دۆزیوەتەوەو لەگەڵ وەرگێرانە تورکییەکەی و ژیانی عەبدولڕەحمان بەدرخان چاپی کردۆتەوە.بڕوانە:

Malmisanij, Abdurrahman – Bedirhan Ve Iik Kurt Gazetgesi Kurdistan (Sayi:17ve 18, sweden, 1992.

– لەلایەن دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی بەدرخان، دووجار ، هەموو ژمارەکانی تەنها ژمارە (19) نەبێ– کە هەتا ئێستا دیار نییە– چاپکراوەتەوە:

– کەمال فوئاد (د)، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898–1902، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ڕوز ئەلیوسف، قاهیرە، 2005.

– کەمال فوئاد(د)، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898–1902، چاپی سێیەم، تاران، 2006.

**ئومێد**

**ڕۆژنامە**

1900



ئون بش كونده بركره نشر أولور

ملتى اسماعه خادم سياسى غزتەدر

**ڕۆژنامەیەکی سیاسییە، بە زمانی عەرەبیش بابەت بلاْودەکاتەوە.**

**صاحب و محرری: بدرخان پاشا زادە محەمەد صالح.**

**چۆنیەتی دەرچوون:** 15 ڕۆژ جارێك بلاْودەکرێتەوە.

**نرخ:** 30 قروش

**جێگا:** میصر.

**زمان:** تورکی عوسمانی، عەرەبی.

**ژمارەکان:** نازانرێ چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

– ژمارە 1ی ساڵی 1 لە (جماد اول) 1318دا دەرچووە.

**<u>تێبینی:</u>**

ئەو ژمارەیەی لەبەردەستمانە فۆتۆ کراوە، بۆیە نەکرا پێوانەکەی دیاری بکەین، بەڵام وا پێدەچێت لە A4 گەورەتر بووبێت. ئەو ڕۆژنامەیەش لەلایەن بەدرخانییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە.

**کوردستان**

**ڕۆژنامە**

1908

ئەم ڕۆژنامەیە، دوای ڕاگەیاندنی مەشروتیەتی عوسمانی لە 1908/7/24دا، لە ئەستەمبۆڵ دەرچووە، کە (**مەحمود شەوکەت**) پاشا ڕۆژی 1325/3/31 بە لەشکرەوە چووەتە ئەستەمبۆل و سورەیا بەدرخان بەسەردا گیراوە خراوەتە بەندیخانەی (**بەکر ئاغا بلۆکی**)، ڕۆژنامەکە داخراوە.

**خاوەنی**: ثریا بدرخان (**سورەیا بەدرخان**) بووە.

*دیارە هەر لە بارەی ئەم ڕۆژنامەیە بووە نووسەرانی وەکو: "**ئەمین زەکی و عەلائەددین سجادی**"، ئاماژەیان وا بۆ کردووە، کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بووبێت و لە ئەستەمبۆڵ دەرچووبێت، ئەو زانیارییانەی لێرەدا تۆمارکراوە بە پاڵپشتی سەروتارێکی ژمارە(1)ی 15 ذي القعدە 1335 ڕۆژنامەی(**کوردستان**)ی خولی سێیەمە، کە (**د.کەمال فوئاد**) لەساڵی 1998دا چاپی کردۆتەوە.

**شرق و کردستان**

**ڕۆژنامە**

**1908**



**شرقك هفتەدە ایکی دفعە نشر اولنور**

**شرقك وضعیت سیاسیلە غربك انسانیە**

**قارشی غائبەلرینی مصور غزتەدر**

**ئێستا هەفتەی دووجار دەردەچێت،**

**ڕۆژنامەیەکە ڕەوشی سیاسی ڕۆژهەڵات**

**وخراپی ڕۆژئاوا لە ئینسانیەتی تصویر دەکا**

**دامەزرێنەران**: ئەحمەد شەریف هەرسەکلی، بەدری مەلاطلي، ئیسماعیل هەرسەکلی

**بەڕێوبەری لێپرسراو**: ئەحمەد شەریف هەرسەکلی.

**سەرنووسەر**: بەدرێی مەلاتیەیی

**پێوانە**: (23ر4×30ر8) سم، (4) لاپەڕەیە.

**جێگا**: ئەستەمبۆڵ.

**زمان**: تورکی عوسمانی.

**ڕێنووس**: عەرەبی.

**ژمارەکان**: نازانرێ چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە 1، 25 شوالی 1326 بەرانبەر تشرینی دووەمی 1908(1324).

**کورد**

**تعاون تەرەقی غەزەتەسی**

**ڕۆژنامە**

1908



**شمدیلك هفتەدە بر دفعە نشر اولەجق، دینی، علمی، سیاسی، ادبی، اجتماعی غزتەدر**

**گۆڤارێکی دینی، زانستی، سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی هەفتەییە.**

**صاحب امتیازو مدیرو محرری: سلێمانیەلی تۆفیق (پیرەمێرد).**

**سرمحرر: ئەحمەد جەمیل دیاربەکری.**

**وێنە:** (11) **وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.**

**نرخ:** (3) **غروش بووە.**

**پێوانە:** (4،23 ×17، ) **سم و** 8 **لاپەڕەیە،** (**سەرجەم ژمارەکانی** 88 **لاپەڕەیە**).

**چاپخانە: سعادت سلانیك مطبعەسی.**

**جێگا: ئەستەمبوڵ.**

**زمان: کورد (کرمانجی باشوورو باکوور)، تورکی.**

**ڕێنووس: عەرەبی.**

**ژمارەکان:**

**- ژمارە**1**، جلد** 1**،** (11**ی ذی العقدە** 1326،22 **تشرینی دووەمی** 1324) 1908/12/5.

**- ژمارە** (9)**، جلد** 1 **،** (8 **محرم** 1327ـ 17**کانونی دووەمی** 1324) 1909/1/3.

**<u>تێبینی:</u>**

***فایەلێکی تایبەت بەم ڕۆژنامەیە لە گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە:**

**ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە** 9**، هاوینی** 2002**، ل** 3-107)

* (**محەمەد ئەمین بۆزئارسلان)، بە یارمەتی (مارتن ڤان برونسن)، ئەو ڕۆژنامەیەی دۆزیوەتەوەو دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی تورکی، بلاوی کردۆتەوە، بڕوانە:**

**محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان،کرد تعاون و ترقی غزتسی- گۆڤارا کوردی- تورکی** (1908-1909)**، سوید، وەشانخانا دەنگ، سوید، وەشانخانا دەنگ، مارتی** 1998.

**وەك دەبینن ئارسەلان ئەو ڕۆژنامەیەی بە گۆڤار پێناسە کردووە، دوای ئەو هەندێ لە نووسەرانی دیکەش هەمان پێناسەیان کردووە، پێم وایە ئەوەش لەبەر ئەوەبووە کە ڕۆژنامەکە چوار لاپەڕە بەرگی هەبووە، دیارە ئەو بۆچوونەش لەسەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی جێبەجی نابێت، چونکە کۆمەڵێك ڕۆژنامەو کۆڤاری دیکەی کوردی هەن لەم ڕێچکەیە لایان داوە.**

**بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم کۆمەڵەیەو ڕۆژنامەکەی، بڕوانە:**

مالمیسانیژ، کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی و ڕۆژنامەکەی، زریان ڕۆژهەلاتی لە تورکیەوە کردوویە بە کوردی، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2006.

**پەیمان**

**ڕۆژنامە**

1909


پیمان

۳۲۵

**هر هفته پازار اورتسی گونلری نشر اولنور**

**مستقل الأفكار عپمانلی غزتەسیدر**

**ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی فیکری سەربەخۆی عوسمانییە، ڕۆژانی دوو شەممە دەردەچێ.**

**صاحب امتیازو مدیر مسئول:** میری کاتب زادە شکری.

**سر محرر (سەرنووسەر):** ع. باقی.

**پێوانە:** (37×25)سم و، 3 لاپەڕەیە.

**جێگا:** دیاربەکر (ئامد)؟

**چاپخانە:** (ولایەت مطبعەسی) دیاربەکر.

**زمان:** تورکی، کوردی (**کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس** : عەرەبی.

**ژمارەکان:**

– ژمارە 1، 5ی حوزەیرانی1325(1909)

–**ژمارە 12،5ی تەممووزی 1909**

**تێبینی:**

**تەنیا لە ژمارە (12)یدا خوتبەیەکی بەزمانی کوردی تێدا بلاوکراوەتەوە، بۆیە پێناچێ ڕۆژنامەکە کوردی بووبێ، بەلام وادیارە لەسەر ئەم وتارە بووە، لای نووسەرانی دیکە، بە ڕۆژنامەیەکی کوردی حیساب کراوە, بە هەرحاڵ بەسەرکردنەوەی ژمارەکانی دیکەی ئەم ڕۆژنامەیە پێویستە, هەفتەنامەی (پەیمان)یش کە لە 1994وە، لە دهۆك دەردەچوو، بەناوی ئەم ڕۆژنامەیە دەرکراوەتەوە.**

**کوردستان میشنێری**

**Kurdistan Miossionary**

**گۆڤار**

1908




**خاوەنی:** میسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری

**چونیەتی دەرچوون:** مانگانە.

**زمان:** ئینگلیزی

**جێگا:** شیکاگۆ

**ژمارەکان:**

**ژمارەی** 1، **ئۆکتۆبەری** 1910

**ژمارە**10، **ساڵی** 15، **ئۆکتۆبەری** 1923.

**سەرچاوە:** ئەمیری حەسەن پوورو حەسەنی قازی، بەسەرهاتی دوکتور مستەفای قازی، گزینگ (گۆڤار)، سوید، ژمارە14، زستانی 1977، ل 42.

### کرمانشاە

**ڕۆژنامە**

1909

**خاوەن ئیمتیازو دامەزرێنەر:** میرزا ئەحمەد خان وەزیری مەعتەضد ئەلدەولە.

**بەڕێوەبەر:** سەید هیدایەتوڵلای فەصیح ئەلموتەکەلمین.

**جێگا:** کرماشان.

**زمان:** فارسی.

**ژمارەکان:**


ژمارە 1، 16ی تشرینی دووەمی 1909.

ژمارە 11، 20ی کانوونی یەکەمی 1909.

### سەربەستی

**ڕۆژنامە**

1912



**خاوەنی:** مەولان زادە ڕەفعەت.

**زمان:** تورکی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

### کوردستان... خۆی

**گۆڤار یان ڕۆژنامە؟!**

1913

لە بارەی ئەم بلاوکراوەیە, زانیارییەکان پچڕپچڕن، نووسەر هەیە بە گۆڤاری داناوەو، هی دیکەش بەڕۆژنامە، لای (**نوری عەلی ئەمین**) بەڕۆژنامە دانراوەو وا پێناسەی کردووە:

**(مانگێ جارێ لە —ورمێ— لە کوردستانی بەزۆر بەئێرانەوە بەستراو لە لایەن دەستەیەك لە کوردانی خوێن گەرمی ئەو ناوچەیە دەرئەهێنرا، وە لەلایەن— عەبدولڕەزاق بەگ بەدرخان—ەوە ئەبرا بەڕێوە. بەلاَم کە عەبدولڕەزاق بەگ گیراو نێردرا بۆ روسیایقەیسەری ڕۆژنامەکە لە دەرچوون وەستا، بەلاَم کە (سمکۆ) ورمێی گرتەوە دووبارە دەستکرایەوە بە دەرهێنانی گەرچی زۆریش نەژیا).**

(**محەمەد تۆفیق وردی**)یش هەر بە ڕۆژنامەی داناوەو ساڵی( 1913-1914)ی لە تەک ناوەکەی داناوەو وای نیشان داوە کە:

**( لەلایەن کۆمەڵێك لە لاوانی کوردستان، لە شاری "ورمیە- رچائیە" دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازی خوالێخۆشبوو- عەبدولڕەزاق بەگ بەدرخان بووە. لە نووسینا چەند لاوێکی خوێندەوارو یەکێك لە پیاوە ماقولاَنی "سابلاَغ- مەهاباد" یارمەتی دەدا).**

لە بارەی زانیارییەکانی دیکە، ئەویش هەمان بۆ چوونی نووسەری پێشووی هەیە.

هەرچی (**جەبار جەباری**)یە پێی وایە:
( **رۆژنامەیەکی کوردی و تورکی‌یە لە ساڵی 1908** دەرچووە).

سەرچاوەی زانیارییەکانی (**جەمال خەزنەدار**)یش، لەبارەیەوە، لە (**عەلائەدین سجادی**)و (**محەمەد تۆفیق وردی**) تێنەپەڕاندووە، بەڵام ئەوەی یەکەمیان کە نووسەر بۆ خۆی کردوویەتییە سەرچاوە, لە چاپی دووەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی), هەر باس نەکراوە، بە پێچەوانەی نووسەری دووەمیش ( **خەزنەدار**) بڵاوکراوەکەی بە گۆڤار داناوە.

بەڵام بەپێی نوێترین زانیاری, کە لەلایەن( **سەید عەبدوڵڵای سەمەدی** )، لە ساڵێ 1999دا بڵاوکراوەتەوە، دەبێ گۆڤار بووبێ و لە ساڵی 1913دا لە شاری خۆی و هەر بەناوی (**خۆی**)یش دەرچووبێ ، ئەوەتا ناوبراو نووسیویە:

**" هەندێ سەرچاوەی ئەو گۆڤارەیان بە – کوردستان– ناوبردوەو زانیارییەکانیش لەو بابەتەوە یەکتر ناگرنەوە".**

دواتر, لەم بارەیەوە، نووسەر ئاماژەی بەناوی چەند نووسەرێك کردووە، لەوانە: " ئەحمەد شەریفی" و "عەلائەدین سوجادی"، ئینجا باسی ئەوەی کردووە (**د.کەمال مەزهەر**) لە کتێبی (**کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا**) نووسیویە:

"**عەبدوڵڕەزاق بەدرخان**" لەساڵی 1913دا لە شاری –خۆی– کۆمەڵێکی رۆشنبیری دامەزراندو نیازی بوو چاپخانەیەکیشی بۆ دابنێ و رۆژنامەیەکی بەناوەوە دەربکاو لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا چەند قوتابخانەیەکیش بکاتەوە).

بەرای ئێمە ئەو زانیارییانە بەڵگەی وردتری دەوێت، بەڵام دەبێ ئەوەندەش بڵێین هەر کات زانرا سمکۆ کەی ورمێی گرتۆتەوە، ئەوسا تێدەگەین جگە لەو بڵاوکراوەی سمکۆ بەناوی (کورد) دەری کردووە، بڵاوکراوە یەکی دیکە بەناوی (**کوردستان**) عەبدوڵرەزاق بەدرخان دەرکردووە, یان نووسەران ناوی رۆژنامە (**کورد**)یان لەگەڵ ئەو بڵاوکراوەی (**کوردستان**)ی عەبدوڵڕەزاق بەدرخان لێ تێك چووە.

هەروەها مینۆرسکی لە کتێبی الاکراد ..ملاحظات وانطباعات، وەرگێرانی د. مارف خەزنەدار، 1968، لاپەرە 44، ئاماژە بە ژمارە 1ی ئاپرلی 1914ی رۆژنامەی کوردستان ئەکات کە لەلایەن چەند میسیۆنێرێکی ئەلمانی دەرکراوە.

## **ڕۆژی کورد**

**(روژ کرد)**

**گۆڤار**

1913




**شیمدیلك ایده بر نشر اولونور**

**صاحب امتیازو مدیر مسئوول: عەبدولکەریم**

**پێوانە:** (24×18)**سم و** 36 **لاپەڕەبووە**

**چاپخانە: حقوق مطبعەسی، اجتهاد، محمود بك، رسملی کتاب.**

**جێگا**: ئەستەمبول.

**زمان:** تورکی، کوردی (**کرمانجی باشوورو باکوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** هەموو ژمارەکانی، مانگانە لە ئەستەمبول دەرچووە.

– **عدد** 1، **جلد** 1،14 **رجب سنە** 1331 (6 **حزیران** 1329).

– **عدد** 2، **جلد**1،14 **شعبان سنە** 1331 (6 **تموز** 1329).

– **عدد**3، **جلد** 1، **رمضان** 1331 (11 **اغسطس** 1329).

– **عدد**4 ، **جلد** 1، 10 **شوال** 1331 (30 **اغسطس** 1329).

**تێبینی :**

**سەرجەم ژمارەکانی لەیەك بەرگدا بە وەرگێرانی هەموو بابەتە تورکیە عوسمانییەکان بڵاوکراونەتەوە. بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە، ڕۆژی کورد..گۆڤاری جڤاتی هیڤیی قوتابیانی کورد** 1913 **ئەستەموول، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،** 2005.

## **یەکبوون**

**گۆڤار**

1913

**بەڕێوەبەری:** ئیبراهیم کوردی (؟).

**زمان:** تورکی، کوردی(**کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

– **ژمارە**1، 9**ی ایلول** 1329 (1913).

– **ژمارە** 2، 19**ی ایلول** 1329(1913).

– **ژمارە** 3، 30**ی ایلول** 1329(1919).

**تێبینی:**

ئەو بڵاوکراوەیە وادیارە دوای وەستانی (**ڕۆژی کورد**) دەرچووە، پێنج بابەتی (**محەمەد ساڵح بەدرخان**)ی باوکی (**ڕۆشن بەدرخان**)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، نازانرێ چەند بابەتی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەقسەی (**تەحسین ئیبراهیم دۆسکی**) بێ، دەبێ ئەم بڵاوکراوەیەش، تەبای (**ڕۆژی کورد**)و (**هەتاوی کورد**) لەلایەن (**کۆمەڵەی هێڤی فەقێیانی کورد**) دەرچووبێت.

-نووسینەکانی صالح بەدرخان، لە گۆڤاری یەکبووندا، لە یاداشتەکانی صالح بەدرخان بلاّوکراوەتەوە. بڕوانە:
- مذكراتي، صالح بدرخان، ترجمة روشن بدرخان، مطبعة الجاحظ، دمشق، 1991.

**هەتاوی کورد**

**(هتاو كرد)**

**گۆڤار**

1913




**شيمديلك اون بش گونده بر نشر اولونور**

**صاحب امتيازو مدير مسئول: بابان عەبدولعەزیز**

**پێوانە:** (18×24)سم و (16،32)لاپەڕە.

**وێنە:** هەیە.

**چاپخانە:** ژمارە 1-3، رسملی کتاب، ئەوانی دیکە نجم استقبال.

**جێگا:** ئەستەمبوڵ.

**زمان:** تورکی، کوردی (کرمانجی باشوور و باکوور).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** نازانرێ چەند ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە 1،23 ذی القعده 1331 (11تشرینی الاول 1329).

-ژمارە 2،4 محرم الحرام 1332 (21 تشرین ثانی 1329).

-ژمارە 3،10کانوون اول 1329.

ژمارە 4، 5ی جەمادی الاول 1333(19مارت 1330).

- ژمارە (4-5) ، 27جمادی الاخر 1332 (10مایس 1330).

-ژمارە 10، 9 شعبان 1332 (20حزیران 1330).

**تێبینی:**

* لەلایەن (کرد طلبه هیوی جمعیتی) کۆمەڵەی هیڤی قوتابیانی کورد، دەرچووە.

* کاتی خۆی نزیکەی 15 لاپەڕەی ژمارە(3)ی ئەم گۆڤارە لە کتێبخانەی زانکۆی دهۆك هەبوو، بەڵام بەداخەوە نەماوە، جا نازانم یەکێك دەستدرێژی بۆ کردووە، یان وەکو کچێکی کارمەندی کتێبخانەکە پێی گوتوم، لەوانەیە خۆیان لەگەڵ هەندێك کۆنە کاغەزی دیکە لەناویان بردبێت .

ژمارە ئۆرژنالەکانی ئەم گۆڤارە لە ئەرشیفی د. اسماعیل شوکرو بنەماڵەی رەشید باجەلان دا هەیە.


* بەشە تورکییەکەی ئەم گۆڤارە دەکرێتە کوردی، تا لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل چاپ بکەرێت لەلایەن بنکەی "ژین"ەوە..

**بانگی کورد**

**(بانك كرد)**

**کۆڤار**

1914



**مسلكمزله متناسب مقالات نافعه‌یه ستونلرمز أچیقدر، شمدیلك اون بش گونده برنشر اولنور**

**صاحب امتیازو مدیر مسئولی: جەمالەدین بابان.**

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** 25 قروش.

**پێوانە:** (×)سم و (×)سم و 24لاپەڕە.

**چاپخانە:** ئاداب.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** تورکی، کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە1، 26ی کانوونی دووەم 1329 (12 ربیع الاول 1332).

-ژمارە2،15ی شباط 1329.

-ژمارە3، 1ی مارت 1330.

-ژمارە4،24ی مارت 1330 .

**تێبینی:**

عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی لە کتێبی (**تأريخ الصحافة العراقية**)دا، بەشی یەکەم، چاپی سێیەم، بەغدا، 1971، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (5) ژمارەی لێ دەرچووە.

*ژمارەکانی 4،3،1، لەئەرشیفی دکتور ئیسماعیل شوکر پارێزراوە. ژمارە دووش لە ئەرشیفی "صەباح غالب"لەندەن پارێزراوە.

*هەر چوار ژمارەکەی چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

-عەبدوڵڵا زەنگەنە، بانگی کورد، بنکەی ژین، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2007.

**غرب ايران**

**رۆژنامە**

1916

**خاوەن:** میرزا کاڤم خان مەلیك زادە.

**جێگا:** کرماشان.

**زمان:** فارسی.

**ژمارەکان:**

ژمارە 1، سێبتەمبەری 1916.

**کوردستان**

**(كردستان)**

**رۆژنامە**

1917

**پازدە رۆژا جارەکی دەردکەفیت قنجیا کرمانجارە دیخەبتت جریدەیی کرمانجایا**

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (1) غروش.

**پێوانە:** (41×28،5)سم و4 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** ابی الهول/قاهیرە.

**جێگا:** قاهیرە

**زمان:** تورکی، کوردی (**کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە1، 15ی ذی القعدە 1335 (12 ایلول 1917).

- ژمارە 11، 15 ربیع الثانی 1336 (28 کانوونی دووەم 1918).

**تێبینی :**

د.کەمال فوئاد، بەهۆی پێشمەرگەیەکی کوردستانی باکوور بەناوی (نەجۆ) (11) ژمارە لەم ڕۆژنامەیە چنگ کەوت، ئەم ڕۆژنامەیەش وەك دەورەی سێیەمی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەهەمان ناوونیشانی پێشوو بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بلاوکراوەتەوە، بڕوانە:

کەمال فوئاد (د)، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، دەورەی سێیەم، سلیمانی، 1998.

**بێستوون**

ڕۆژنامە

1917

**خاوەن:** ئەبولقاسم لاهوتی. بەهاوکاری فەرەجوڵڵا کاویانی.

**جێگا:** کرماشان.

**زمان:** فارسی.

**ژمارەکان:** 12 ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە 1، 1917.

**تێبینی:**

ساڵی 1918 ئەحمەدی عەلی خان شەیبانی بووە بە بەرپرسی ئەم ڕۆژنامەیەو 9 ژمارەی تری لێ دەرکردووە. هەر لەو ساڵەدا میرزا مەهدی خان سدیق دەفتەر فەرەهیوور سنەیی ئەرکی بلاوکردنەوەی گرتۆتە ئەستۆ. ئەم ڕۆژنامەیە تا ساڵی 1948 بەردەوام بووە لە دەرچوون وەك ئۆرگانی ئەنجوومەنی یەکێتی کرێکارانی کرماشانی سەر بە حیزبی تودە.

**تێگەیشتنی ڕاستی**

ڕۆژنامە

1918



**ڕۆژنامەیەکی سیاسیو ئیجتیماعیو خادیمی یەکبوون و سەربەستی کوردانە**

**خاوەن:** دەسەڵاتدارێتی ئینگلیز پاش داگیرکردنی بەغدا دەریان کردووە.

**سەرنووسەر:** بەپێی ڕای د. کەمال مەزهەر هەریەك لە مێجەرسۆن و شوکری فەزلی ڕۆڵیان لە دەرکردنی هەبووە، کەچی س.ج. ئەدمۆندز. لە بیبلیۆگرافیای کوردی باشوور (1920-1936)دا ئاماژەی بۆ ناوی E.B.soon کردووە کە سەرنووسەری بوون.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** یەك ئانە

**پێوانە:** (36×24) سم ، ژمارە (1-20) دوو لاپەڕە، ژمارە(21-67)، چوار لاپەڕەیە.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە 1، 1ی کانوونی دووەمی 1918.
- ژمارە 67، 27ی کانوونی دووەمی 1919.

**تێبینی:**

* (**ئەنستاس ماری کەرمەلی**)، تەواوی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیەی، پێشکەش بە کتێبخانەی مەتحەفی بەغدا کردبوو، (**د.کەمال مەزهەر**)یش، سوودی لێ وەرگرتبوو، کتێبێکی لێ بەرهەم هێنا، بڕوانە:

- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1978.

*هەردوو ژمارەی (20و21)دووبارە کراونەتەوە، ئەگینا دوا ژمارەی (65)ی لەسەرە.

* ژمارە ئۆرژناڵەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە (دار الکتب والوثائق العراقیة) پارێزراوە.


*سەرجەم ژمارەکانی چاپکراونەتەوە، بڕوانە: ڕەفیق صالح و صدیق صالح، تێگەیشتنی ڕاستی، بنکەی ژین و دەزگای ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.

## ژین

**(حیات)**

**گۆڤار**

1918


ژین
حیات

**دین، ادبیات، اجتماعیات و اقتصادیاتدن بحث ایدر تورکچە کوردجە مجموعەدر**

**مدیر مسئول:**

1. هەمزە بەگ موکسی، ژمارە (1 -20).
2. مەمدوح سەلیم بەگ، ژمارە(21-..؟).

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** 5 غروش.

**پێوانە:** (23.7 ×16.5)سم ، (24.16)لاپەڕە.

**چاپخانە:** نەجم ئیستیقبال.

**جێگا:** ئەستەمبۆڵ.

**زمان:** تورکی، کوردی (**کرمانجی باکورو باشوور**).

**ڕێنوس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- ژمارە 1، 7ی تشرینی دووەمی 1918.
- ژمارە 25، 2ی تشرینی یەکەمی 1919.

**تێبینی:**

*هەر 25 ژمارەکەی ئەم گۆڤارە چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

– محەمەد ئەمین بۆز ئارسلان، گۆڤاری ژین، دەنگ، ئۆپسالا– سوید، 5 بەرگ، 1985.

– لەلایەن کۆبەندی کاوە، 10 ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکە بە دوو بەرگ لە هەولێر، لە ساڵی 2001 چاپکراوەتەوە.

* دۆسییەکی تایبەت لەسەر ئەم گۆڤارە بلاۆکراوەتەوە، بڕوانە: ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە 6–7،هەولێر، پایزو زستانی2002، ل 177–320.


* ئەم گۆڤارە بەپێی سەرچاوەی باوەرپێکراو ژمارە 34یشی دەرچووە.

**کوردستان**

**(کردستان)**

**گۆڤار**

1919



گۆڤارێکی سیاسی، ئیجتماعی، ئەدەبی، عیلمی، هەفتانەیە

**خاوەن ئیمتیاز:** محەمەد میهری.

**سەرنووسەر:** محەمەد شەفیق ئەرواسی زادە.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** 5 قروش.

**پێوانە:** (22،5 ×33،2)سم، 12 لاپەڕەیە، سەرجەم لاپەڕەکانی هەر 19 ژمارەکە 256 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** نەجم ئیستیقبال.

**جێگا:** ئەستەمبۆڵ.

**زمان:** تورکی، کوردی (**کرمانجی باشوورو باکوور**)، فارسی، عەرەبی و فەرەنسی.

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** 19 ژمارەی لێ دەرچووە.

– ژمارە1، 30 کانوونی ثاني 1335(1919) 28ربيع الاخر 1337.

– ژمارە 19، 27 ئادار/7رجب 1338.

**تێبینی:**

دووجار چەند ژمارەیەکی لە کتێبێکدا بلاۆکراوەتەوە، بڕوانە:

– گۆڤاری کوردستان (1919–1920) ئەستەمبوڵ، کۆکردنەوەو لەسەرنووسینی د. فەرهاد پیربال، دەزگای گولان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 1998.

–عەبدوڵلا حەداد،


– هەر (19) ژمارەکەی ئەم گۆڤارە تەنها 6و 17 نەبێت، لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری عیراق– دەستەی کورد، پارێزراوە. لەلایەن بنکەی ژین"ەوە (18) ژمارەی ئامادەیە بۆ چاپ.

**ژین**

**(حیات)**

**ڕۆژنامە**

1920



ڕۆژنامەیەکی سیاسی، عیلمی هەفتانەیە

**خاوەنی:** مەمدوح سەلیم.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** 2 غروش.

**پێوانە:** (58 ×42) سم،2 لاپەڕەیە.

**جێگا:** ئەستەنبۆڵ.

**زمان:** تورکی، کوردی (**کرمانجی باکوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

- تەنیا ژمارە 36ی لەبەر دەستدایە، لە 4ی شەوالی 1338-21حزیران 1336-1920 دا بڵاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**


*هەتا ئێستا ساغ نەبۆتەوە ئەو ژمارە (36)ـەی ڕۆژنامەکە تەواوکەری گۆڤاری (**ژین**) بووە، یان ڕۆژنامەیەکی دیکەی سەربەخۆ لە ژمارە (1)ەوە دەست بە بڵاوکردنەوەی کراوە، بەتایبەتی هەندێ سەرچاوە هەن، باس لەوە دەکەن گوایە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوویێت. بە هەر حاڵ ئەوە ڕۆژنامەیە دوای دووبەرەکی (**جەمعیەتی تەعالی کوردستان**)ە، کە (**ئەمین عالی بەدرخان**)و (**مەمدوح سەلیم**)و ڕۆشنبیرانی دیکە، لەسەر دوانێکی (**شێخ عەبدولقادری نەهری**) کە گوتوویە نەتەوەی کورد سەربەخۆیی ناوێت و لە دەوڵەتی عوسمانی جیا نابێتەوە ، لە کۆمەڵەکە جیابوونەتەوەو (**کرد تشکیلات اجتماعیە جمعیتی**)یان دامەزراندووەو ئەو ڕۆژنامەیان دەرکردووە.

**پێشکەوتن**

**(پێشکەوتن سلێمانی)**

**ڕۆژنامە**

1920



هەفتەی جارێك دەردەچێت

**خاوەنی:** ستاف سیاسی بەریتانی دەری کردووە.

-ژمارە (1-45)، مێجەرسۆن.

-ژمارە (46-118)، گۆڵد سمیث.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (1)ئانه.

**پێوانە:** (21×33)سم و جگە لە ژمارەکانی ( ) ئەوانی دیکە 4 لاپەڕە بووە.

**چاپخانە: حکومەت، لە سلێمانی.**

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا (118) ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە1، ساڵی 1، پێنج شەممەی 11ی شعبان 29/1398 ابریل 1920.

- ژمارە 118، پێنج شەممەی 2ی ذی الحجة 1340/ 27 جولای 1922.

**تێبینی:**

*سەرجەم ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە:

- ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتارو سیروان بەکر سامی (ئامادەکار)، **پێشکەوتن ...یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی** (1920-1922)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،1998.

*سەرجەم ژمارە ئۆریژناڵەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە ئەرشیفی جەمال بابان وکاکە حەمە ئەمین عەتارو بەریتانیادا هەیە.

**(ڕۆژی کورد -شەوی عەجەم)**

**(ڕۆژی کورد)**

**کورد**

ڕۆژنامە

1922



ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئەخبارییە، سەرمەقاڵی تەرجەمە دەکرێ بەفارسی دەینووسێ کوردێك بۆ هەموو کوردان

**خاوەنی:** محەمەد تورجانی زادە.

**چۆنیەتی دەرچوونی:** هەفتانە.

**پێوانە:** (؟) سم و 4 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** غیرەت.

**جێگا:** ورمێ.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو، موکریانی**)، فارسی/تەنیا سەروتار.

**ڕێنووسی:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

-ژمارە 1، ساڵی 1، ذي لقعده 1340 (تەممووزی 1922).

**تێبینی:**

* وەکو دەبینین لەسەرەوە ئێمە سێ ناومان بۆ ڕۆژنامەکە داناوە، دیارە بەپێی لێکدانەوەو بۆچوونی سەردەم ، ناوی(**ڕۆژی کورد-شەوی عەجەم**)کەمێك ناخۆش دێتە سەرزاران، بەمەبەستی ساخ کردنەوەی ئەم ناوانە با هەڵوەستەیەك لە بارەیەوە، لە مەڕ بۆچوونی

نووسەرو توێژەرانی دیکە بکەین، تابزانین دوا ناوی ڕۆژنامەکە چۆن دەکەوێتەوە؟

*(**عەلائدین سجادی**) لەژێر ناونیشانی (کورد)دا لەم بارەیەوە نووسیویە:

(ڕۆژنامەیەکی کوردی و زمان حاڵی سمایل ئاغای سمکۆ بووە، لە 1921 لەشاری ورمێ دەرچووە، تەنها سێ چوار ژمارەی لێ دەرچوو لە وە دوا پەکی کەوت).

*(**جەبار جەباری**)ش دەڵێت:

( لەساڵی 1921 سمایل ئاغای سمکۆ شانبەشانی شۆڕشە نەبەزەکەی لەناوچەی ورمیە هەڵسا بەدەرچواندنی ڕۆژنامەیەکی کوردی بەناوی "کورد"ەوە، ئەویش بەهۆی ئەو چاپخانەی کە لەلایەن کەشیشەکانەوە بۆی بەجێ مابون، بەو جۆرە خەباتی پیرۆزی کوردایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ لەپێشکەوتنا بووە وچەکی خامەو چەکی گوللەی بیر شانبەشانی یەکتری لەسەر مەیدانی شۆڕشگێڕدا لەخەبات کردنا بوونە).

* هەرچی (**جەمال خەزنەدار**)ە،باسی ئەم ڕۆژنامەی هەر نەکردووە. (**د. کەمال مەزهەر**)یش لەژێر ئەم سێ ناوەی سەرەوەدا نووسیویەتی:

(ئۆرگانی بزوتنەوەی سمکۆ بوو، زوو ناوەکەی گۆڕی بە"ڕۆژی کورد" وئینجا تەنها بوو بە(کورد)، بەپێی ڕووداوەکانی بزووتنەوەی سمکۆ دەبێ ساڵی 1921 دەرچووبێ. چەند ژمارەیەکی کەمی دەرچووە، سەروتاری ژمارەکانی بە فارسیش بلاْودەکرایەوە بەرپرسیاری محەمەد تورجانی بووە، لەچاپخانەی غیرەت- چاپ دەکرا).

ئەگەر ئەو زانیارییانەی سەرەوە بەپێی بیرەوەری هەندێ کەس نووسرابێتەوە، ئەوا(**هێمن**)ی شاعیر بە پاڵپشتی کتێبێکی فارسی کە بە ناونیشانی "**أوضاع ایران در جنگ اول**" یا "**تأریخ رضائیة**" ، کە لە نووسینی "***محمد تمدن***" بووە، وێنەو کۆمەڵێك زانیاری لە ژمارە 17ی ڕێکەوتی ئەیلوولی 1974ی گۆڤاری (**بەیان**)دا بۆ بلاْوکردووینەتەوە.

دوای ئەویش (د.**محەمەد صالح ئیبراهیمی**)، لە ژمارە 9ی گۆڤاری"**گرشەی کوردستان**"دا، کە لە ساڵی 1981دا لە تاران بلاْوکراوەتەوە، باسێکی دیکەی تێروتەسەلی لەسەر هەمان گۆڤار بلاْوکردۆتەوە، وا دیارە ئەویش ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەی چنگ کەوتووە کە لە مانگی ذی القعده 1340ی کۆچیدا بلاْوکراوەتەوە.

ئینجا (**مەحمود زامدار**) بە بەراورد کردنی نووسینەکانی ئەو دوو بەڕێزەو ئەوانەی پێشووتر لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی بلاْوکردۆتەوەو زۆر لایەنی دیکەی ئەم ڕۆژنامەیەی روون کردۆتەوە.

دیارە (**وریا جاف**) و (**ئازاد عوبێد**)یش، بە پاڵپشتی هەمان کتێب، باسی ئەم ڕۆژنامەیان کردووە. دوا زانیاریش هی (**سەید عەبدولاْی سەمەدی**)یە، کە لە ژمارەی 41ی ڕێکەوتی 5ی تشرینی دووەمی 1999گۆڤاری (**ڕامان**) دا لە بارەیەوە نووسیویەتی:

(هەوەڵ ژمارەی لە ذی القعدەی 1340 "تەموزی 1922" لە شاری ورمێ بەسەر پەرشتی: "مەلا محەمەدی قزلجی تورجانی زادە" بلاْوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە حەفتەی جارێك لەچوار پەڕەدا دەردەچوو، دروشمی ڕۆژنامەکە، بە نیشانەی یەکێتی، بریتی بووە لە دوو دەستی تەوقەکردوو ولەلای ژێری دروشمەکە نووسراوە: واعتصموا بحبل الله جميعاً ولاتفرقوا).

(سەید عەبدوڵڵا) زیاتر نووسیویە: "تەنیا چوار ژمارەی لێ دەرچووەو لە نێو ڕۆژنامە کوردیەکاندا بەزمان حاڵی شۆڕشی سمکۆ ناوی براوە"

دیارە ئێمە لێرەدا کە یەکەمین ژمارەمان دیار کردووە، گوایە لە تەمووزی 1922دا بڵاو کرابێتەوە، پشتمان بە سەرچاوەو زانیاریەکانی ئەو زاتە بەستووە.

هەروەها (**سەید عەبدوڵڵا**) لە پەراوێزی بابەتەکەیدا زیاتر نووسیویەتی:

(هەندێ ڕای تریش هەیە کە ژمارەکانی ڕۆژنامەی"کورد" تا پتر لە بیست دەست نیشان دەکا زۆریش واپێدەچێ کە لە چوار ژمارەی پتری لێ دەر چووبێ)

گوایا ***محمد تمدن***، نووسەری-***تأریخ رضائیە***، زێدە لە 20ژمارەی لەئەرشیفی خۆیدا پاراستووە، بەداخەوە سەرچاوە ئێرانیەکان لەم بارەوە زۆر لالووت ونابەدڵ لە پەخشە کوردیەکانی ئێران دوواون، یاهەر نەدوان. "***عەلی دەهقان***" نووسەری کتێبی "***سر زمین زردشت***" کە باسی لە چاندو دیرۆکی ورمێ دەکا، لەباسی مێژووی ڕۆژنامەگەری ئەم شارەدا ئاماژەیەکیش بە ڕۆژنامەی **"کورد"** دەکات: ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی بە سەرپەرشتی"**محەمەد تورجانی زادە**" لە ساڵی1340 (1922) لە ورمێ بڵاو کرایەوە، کە ڕێبازەکەی سیاسی بوو وحەفتەی جارێك دەردەچوو).

لێرەدا واپێویست دەکات بەوانە بڵێین، کە لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا کار دەکەن و لە ئەرشیفی ناوەندی تاران نزیکن، محەمەدی مەلا کەریم بە ئێمەی گووتوە:

(کاتێ خۆی حەسەن قزلجی لە یەك لە کتێبخانەکانی تاران کاری کردووە، لەکاتی ڕێکخستنی ئەرشیفەکە، چەند ژمارەیەك لەم ڕۆژنامەی" کوردی"یەی بەر چاو کەوتووەو بەمەبەستی پاراستنی خستوویەتیە قەدی ڕۆژنامەیەکی دیکەی تورکی یان فارسی).

**نامەی کوردستان**

**ڕۆژنامە**

1922

**خاوەن:** میرزا غولام عەلی هۆشمەندی کرماشانی.

**جێگا:** سنە

**زمان:** فارسی.

**ژمارەکان:** تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە.


ژمارە 1، جولای 1922.

**بانگی کوردستان**

**(بانك كردستان)**

**ڕۆژنامە**

1922


بانگ کردستان

**علمی، اجتماعی، ادبی، غزتەییکی حرو**
**سەربست و مللییە** (ژمارە 1-14)
**غزتەیکی سیاسی أدبی و فنی یە هەفتەی**
**جارێك دەرئەچێت** (ژمارە 14/1/14-3/14)

**صاحب امتیاز ومدیر مسئول:** مستەفا پاشا یامولکی.

**مدیر مسئول و سەرمحرر:** کوردی و فارسی، عەلی کەمال و م. نوری، ژمارە(1-14).

**مدیر مسئول و سر محرر:** مستەفا پاشا یاملکی.

**محرر:** مستەفا شەوقی.

**مدیر ادارە:** (کەریم رۆستەم)، ژمارە 14/1-3/14

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** 1 ئانە.

**پێوانە:** (22×34)سم و 6لاپەڕەیە ژ(1-14)،(22×25ر15) گرێ و 4 لاپەڕەیە(14/1-3/14).

**چاپخانە:** حکومەت (ئەوانەی سلێمانی)، دارالسلام (ژمارەکانی بەغدا).

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باشوور**)، تورکی، فارسی .

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** بەهەردوو خولی سلێمانی و بەغدا تەنیا 17 ژمارەی لێ دەرچووە.

**دەورەی یەکەم:**

-ژمارە 1، 2ی ئاغستوسی 1922.
-ژمارە 13، 3ی تشرینی پانی 1922.
-ژمارە 14، 8 حوزەیرانی 1923.

**دەورەی دووەم:**

ژمارە 14/1 ، 28ی کانوون الثانی 1926.
ژمارە14/3، 1ی نیسانی 1926.


**تێبینی:**

*هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە،بڕوانە: (**بانگی کوردستان 1922ـ 1926**)، جەمال خەزنەدار، بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردی، بەغداد، 1974.

- ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی رەفیق سالح، لەسەرنووسینی سدیق سالح، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سلێمانی، 2003.

-ئۆرژنالەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لەئەرشیفی سواس وجەمال بابان پارێزراوە.

**ڕۆژی کوردستان**
**(ڕۆژ کوردستان)**
**رۆژنامە**
1922




**سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی، غەزەتەیەکی ڕەسمی‌یە**
**هفتە جارێك دەردەچێ**

**صاحب امتياز و مدير مسئول:** م. نوری.

**محرر:** عەلی کەمال.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (1) ئانە.

**پێوانە:** (22×34) سم، (4) لاپەڕەیە.

**جێگا:** سلێمانی

**چاپخانە:** حکومەت.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باشوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (16) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە 1، ساڵی 1 ، 15ی تشرینی دووەمی 1922.

-ژمارە 15، ساڵی1، 3ی مارتی 1339.

وەك دەبینن جیاوازییەك لەنێوان دوا ژمارەو تێبینیەکەی پێشوودا هەیە، کە نووسراوە (16)ژمارەی لێ دەرچووە.

ئەوەش لەبەر ئەوە بووە هەڵەیەك کەوتۆتە زنجیربەندی ژمارەکانی و ژمارە (3) دووجار دانراوە.

<u>**تێبینی:**</u>

هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

- **ڕۆژی کوردستان (1922-1923)**، کۆکردنەوەو پێشەکی جەمال خەزنەدار، کارگێری گشتیی ڕۆشنبیری کوردی، دار الحرية، بەغداد، 1973.

- ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سلێمانی، 2003.


*لە هەندێ لە کتێبخانە تایبەتییەکان هەموو ژمارە ئۆریژناڵەکانی، لەوانە کتێبخانەی ممتاز حەیدەری و عوسمان شارباژێڕیو جەمال بابان، ڕەشید باجەلان و لەئەرشیفی بەریتانی پارێزستووە.

**بانگی حەق**

**(بانك حق)**

**ڕۆژنامە**

1923




**سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی، غەزەتەیەکی ڕەسمیە لە قرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان طبع دەکرێ غایەو ئەمەلی ئیستحصالی حقوقی کوردانە.**

**خاوەن:** قرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان.

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (21×33) سەو (2) لاپەڕە بووە.

**چاپخانە:** حکومەت.


**جێگا:** ئەشکەوتی جاسنە/سورداش.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(3) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، هەفتانە دەرچووە.

**ئومێدی ئیستیقلال**
**(اومید استقلال)**
**ڕۆژنامە**
1923


امید استقلال

**سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعی، غەزەتەیەکی ڕەسمییە**

**مدیر مسئول:** خواجە افندی زادە احمد صبری، ژ(1-3).

**مدیر مسئول وسر محرر:** ڕەفیق حیلمی، ژ(4-13).

**مدیر مسئول وسر محرر:** حسین نازم، ژمارە (14-16) ژمارە (17-25).

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (22×34)سم و(4) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** حکومەت.

**جێگا:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (کرمانجی خواروو).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (25) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە1، سالی 1، پێنج شەممە 20ی ئەیلوول 1923/1339.

-ژمارە 1ی پێنج شەممە 11ی شعبان 1341 /8ی مارت 1923.

- ژمارە3ی پێنج شەممە 26 شعبان 12/1341ی نیسانی 1923.

-ژمارە1ی پاشکۆیەکی هەبووە، ژمارە (2)یشی چاپ نەکراوەو بە دەستنووسی ماوەتەوە چونکە بابەتەکانی لە هەردوو ژمارەی 1و3دا بڵاوکراونەتەوە.

**تێبینی:**

* ئەم ڕۆژنامەیە بە یەکەم ڕۆژنامەی شاخ لە مێژووی جوڵانەوەی کورددا دەژمێردرێ.بەڕای ئێمە پاشکۆی ژمارە 1 جێی ژمارە دوو دەگرێتەوەو بەیەکەم پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردیە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا.

* سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر (1923-1924)، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی د. کەمال فوئاد و سدیق سالح، وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2001.

* ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لەسەرنووسینی سدیق سالح، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سلێمانی، 2003.

–ژمارە 25، ساڵی 1، پێنج شەممە 15ی مایس 1924/1340.

**تێبینی:**

* ژمارە ئۆرژناڵەکانی لە ئەرشیفی جەماڵ بابان و عوسمان شارباژێری و سواس هەیە. * هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

– سێ ڕۆژنامەی ڕۆژگاری شێخی نەمر، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح و د. کەمال فوئاد، یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2001.

– ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لەسەرنووسینی سدیق سالح، یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سلێمانی، 2003.

## Sovet Kurdistan

**کوردستانی سوور**

**ڕۆژنامە**

1923

**ڕۆژنامە، سیاسی، گشتی، ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی سوور**

**جێگا:** لاچین.

**بەڕێوەبەرو بەرپرسەکانی:** سەدیق باژاراموڤ، مامەش ئەحمەدۆڤ، میرهەد عەبدوللاییڤ، سامان ئەحمەدۆڤ، محەمەد هاشمزادە، دلارا ماهیشۆڤا.

**زمان:** ئازەری

**ژمارەکان:**

ژمارە 340، 15ی کانوونی دووەمی 1938.

ژمارە 380، 21ی ئابی 1938.


ژمارە 468، 15ی کانوونی دووەمی 1940.

ژمارە 813، 27ی کانوونی یەکەمی 1945.

## ژیانەوە

**ڕۆژنامە**

1924


ژیانەوە

غەزەتەیکی حکومەتییە هەفتەی جارێك دەردەچێ، ژ(1–25)

غەزەتەیەکی حکومەتییە هەفتەی دوو جار دەردەچێ، ژ(16–17)

غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعییە هەفتەی دوو جار دەردەچێ ژ(18–19)

غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعییە هەفتەی جارێك دەردەچێ ژ(20–56)

**خاوەن:** جەمیل سائب ژ(28–37).

محەمەد ئەدیب عەبدولعەزیز ژ (38–56).

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (1) ئانە.

**پێوانە:** (21×5ر32) سم، جگە لە ژمارە (   ) کە بە (6) لاپەڕە دەرچووە، ژمارەکانی دیکە هەموویان بە (4) لاپەڕە دەرچووە.

**چاپخانە:** حکومـەت، هەنـدێ جـار لـە دوتـوێی لاپــەڕەکانی ڕۆژنامەکــە، بــەناوی (ژیانــەوە)ش ناوی هێنراوە.

**جێگا:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باشوور**).

**ژمارەکان:** تەنیا (56) ژمارەی لێ دەرچووە، (3) پاشـکۆی لەگەڵـدا هـەبووە، بـە بڕیـاری ڕەسمـی ڕاگــیراوەو ڕۆژنامــەی(**ژیــان**) لــە شــوێنی دا دەرچووە.

- ماره 1، ساڵی 1، دوو شەممەی 17ی محەڕەم 1343(18 ئاغستۆس 1924).
- ژماره 56، ساڵی 2، پێنج شەممە 28 جمادی اخر 1344 (14ی کانوونی دووەم 1926).

**تێبینی:**

* هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە: -- عەبــدوڵڵا زەنگەنــە، **ژیانــەوەو شــوێنی لــە ڕۆژنامەنووســی کوردیــدا**، پێــشەکی د.کــەمال مەزهــەر، دەزگــای چــاپ و بڵاوکردنـــەوەی موکریانی، هەولێر، 2000.

*ژمــارە ئۆرژناڵــەکانی لـــە کێبخانـــەکانی سواس/بریتانیا، ڕەفیق سالح، عەبدوڵڵا زەنگەنە پارێزراون.

**دیاری کوردستان**

**(هدیة کردستان)**

**گۆڤار**

1925




**هەفتەی جارێك بە کوردی و عەرەبی و تورکی دەرئەچێ**

**صاحب امتیازو مدیر مسئول:** ساڵح زەکی ساحب قران زادە.

**مدیر ادارە:** ڕەشید شەوقی.

**جێگا** : بەغداد.

**وێنە:** هەیە.

**پێوانـــــــە:** (16 ×5ر24) ســـــــم و (22-48)لاپەڕەبووە.


**چــاپخانە:** دارالــسلام، العــصریة، الفــرات، السریانیة، الکاثولیکیة.

**زمان:** کـوردی (**کرمـانجی باشـوور**)، تـورکی، عەرەبی.

**ژمارەکان:** (6) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

- ژمارە1، 11ی مارسی1925.
- ژمارە16، 11 مایسی 1926.

**ژیان**
**رۆژنامە**
1926


ژیان

**غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتماعییە هەفتەی جارێك دەردەچێ.**

**سەرنووسەر:**

-**محەمەد ئەدیب عەبدولعەزیز** ژ (1-81).

-**عەلی عیرفان** ژ (82-259).

-**حسێن نازم** ژ (260-320).

-**حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)** ژ (321-553).

**وێنە: نییە (تەنیا یەك ژمارەی وێنەیەکی هێڵکاری تێدا بلاوکراوەتەوە).**

**پێوانە:** (22×34) **سم**، (30×45) **سم**، ( )**سم و** 4-6 **لاپەڕەیە.**

**چاپخانە: حکومەت، بەلەدیە.**

**جێگا: سلێمانی.**

**<u>تێبینی:</u>**

***ژمارە ئوریژناڵەکانی لە کتێبخانەی عەبدوڵڵا زەنگەنەو محەمەدی مەلا کەریم و کتێبخانەی گشتی سلێمانی و ڕەفیق صالح و کەمال مەزهەر ئەحمەدو بەریتانیاو چەند کتێبخانەیەکی دیکە دەست دەکەوێ.**

**- بەشێوەیەکی کاتی دوو هەفتە جارێك دەرچووە.**

**- بەشە عەرەبییەکەی خەلەف شەوقی داودی نووسەری بووە.**

**- هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە: دیاری کوردستان، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی نەوشیروان مستەفا و سدیق سالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،** 2001.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باشوور**).

**رێنووس:** عەرەبی،(**لەسەردەمی پیرەمێرد بەمەبەستی فێربوون تاك و تەرا نووسینی بەلاتینیش تێدا بڵاوکراوەتەوە**).

**ژمارەکان:** 553 ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە 1، 21ی کانوونی دووەمی 1926.
- ژمارە 553، 10 مارتی 1938.

**تێبینی:**

(**سەید حوسێن حوزنی موکریانی**)، لە ژمارە 407 بەدواوە، دوای چاککردنەوەی چاپخانەکە، لەگەڵ (**پیرەمێر**)دا، بەشداری لە دەرکردنی چەند ژمارەیەك کردووە، هەر (**حوسێن حوزنی موکریان**)یش لەگەڵ (**محەمەد ئەمین یومنی**) کلێشەی ناوی رۆژنامەکەیان کۆڵیوەو لە ژمارە (12)ەوە تا ژمارە(406)ی لەسەر رووی رۆژنامەکە ماوەتەوە.

- داخستنی رۆژنامەکە لەلایەن متەسەڕف (**عەبدولمەجید یەعقوبی**)، هەندێك دەڵێن لەبەر یادکردنەوەی جەژنی (**نەورۆز**)بووە، ڕقی لە (**پیرەمێرد**) هەڵگرتووە، هی دیکەش هەیە دەڵێ لەبەر بەکارهێنانی رێنووسە لاتینییەکەی بووە.
- هەتا ئێستا (400) ژمارەی چاپکراوەتەوە، بڕوانە:
- رۆژنامەی ژیان (1-81)، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی رەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
- رۆژنامەی ژیان، (82-259)، بەرگی دووەم، ئامادەکردنی رەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح، شارەوانی سلێمانی،چاپخانەی شڤان، 2003.
- رۆژنامەی ژیان، (260-320)، بەرگی سێیەم، ئامادەکردنی رەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح، بنکەی ژین، چایخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2004.
- رۆژنامەی ژیان، بەرگی چوارەم-بەشی یەکەم، (321-400)، ئامادەکردنی رەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2005.

**نفحات**

**گۆڤار**

1926

**خاوەن:** میرزا حەبیبوڵڵا خان.

**جێگا:** کرماشان.

**زمان:** فارسی.

**ژمارەکان:**

ژمارە 1، 19ی نیسانی 1926.

**زاری کرمانجی**

**(زارکرمانجی)**

**گۆڤار**

1926



گۆواریکی اجتماعی، تاریخی، فنی، ئەدەبی کوردییە مانگی جارێك دەرئەچێ

**خێوی و مدیری:** سەید حسێن موکریانی.

**مدیر اداره:** عەبدولڕەحمان گیو (ژ1-16).

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** ئابوونەی ساڵانەی 12 ڕووپیێ.

**پێوانە:** (5ر20×28)سم و (12-24) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** زاری کرمانجی.

**جێگا:** ڕەواندز.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باشوور- باکوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** (24) ژمارەی لێ دەرچووە.

- ژمارە1، 12ی ذی القعدە 24/1324 مایس 1926.
- ژمارە 24، 23ی تەموز 1932.

**تێبینی:**

* هەندێ سەرچاوە ئاماژەیان وا بۆ کردووە، گوایە دوا ژمارەی لە 30 تەمموزی 1932دا دەرچووبێ، سەرچاوەی دیکەش نووسیویانە 30 ژمارەی لێ دەرچووە، دیارە ئەوە هەڵەیەکی زەقە، بەسەر هەندێ لەسەر نووسەراندا تێپەڕ بووە.

ڕۆژی میلادی لەسەر ڕووی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە نەنووسراوە، بۆیە لەکاتی گۆڕینی هیجریەکە بۆ میلادی، تا ئەم دواییە نووسەرو توێژەران دەیاننووسی گوایە 25ی مایسی 1926دەرچووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا وەکو ئێمە لێرەدا نووسیومانە ڕۆژەکە ڕێکەوتی 24ی مایس دەکات.

* هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

- زاری کرمانجی یەکەمین گۆڤاری شاری ڕەواندز، د. کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، 2002.
- دۆسێیەکی تایبەت، لەبارەی (**زاری کرمانجی**) وژیانی خاوەنەکەی بەسەرپەرشتی عەبدوڵڵا زەنگەنە بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە:

**ڕۆژنامەڤانی** (گۆڤار)، ژمارە 9، هاوینی 2002، ل 109-279.

**کەرکووک**

**(کرکوك)**

**ڕۆژنامە**

**1926**



هەموو شتێك ئەنووسێ، ئێستاکە هەر ڕۆژانی جومعە دەردەچێ، غەزەتەیەکی تورکیو کوردییە

**خاوەن:** شارەوانی کەرکووک.

**سەرنووسەر:** وەجدی ئەفەندی ژ (1-68)، هیجری دەدەی کاکەیی ژ (69)، عەبدولڕەحمان بەکر، جەمال یەعقوبی.

**سەرپەرشتیاری بەشی کوردی:** عەبدولخالیق ئەسیری شاعیر (ژ302-354).

**وێنە:** نییە (بەشە کوردییەکەی).

**نرخ:** (1) ئانە.

**پێوانە:** قەوارەی جیاجیا.

بەشە کوردییەکەی (35 ×24) سم بە دوو لاپەڕە، ئەوانی دیکەش زیاتر (تا 8 لاپەڕە).

**جێگا:** کەرکووک.

**زمـان: تـوركی، عـەرەبی، کـوردی (کرمـانجی باشوور).**

**ڕێنووس: عەرەبی.**

**ژمارەکان: تەنیا(53) ژمارەی بە زمانی کوردی لیّ دەرچووە.**

- ژمارە 1، 12ی تشرینی یەکەمی 1926.
- ژمـارە 302(یەکـەم ژمـارەی کوردییەکـە) 2ی مایسی 1930
- ژمـارە 354 (دوا ژمـارەی کوردییەکـە)ی و لـە 29ی مایسی 1931.
- ژمـارە 2036ی لـە 20ی تـەباخی 1972 (بـە زمانی عەرەبی بووە)

**تێبینی:**

ئـەم ڕۆژنامـەی(**کـەرکووک**)ە، دوابـەدوای، ڕۆژنامـەی(**نجمـه**)،یـان (**نجمـه کـەرکووک**)ە دەرچـووە، کـە لەلایـەن دەسـەڵاتدارانی ئینگلیـز بڵاودەکرایەوە، سەرەتا بەزمانی عەرەبی‌و دواتـر بە زمانی تورکی بوو، لە 15ی کانوونی یەکەمی 1918یەکـەم ژمـارەی بڵاوکراوەتـەوە. –لەسـەر پێـشنیازی وەجـدی ئەفەنـدی نـاوی(**نەجمـە**)کـە کراوەتە(**کەرکووک**).

– هەریەك لە (احمەد قوشجو اوغلو و آخرون) لـە (دلیـل الـصحافة في كركـوك عـبر قـرن..1900–2000 كركوك،2001)

هـــەروەها مـــصەدەق تـــۆڤی، یەکـــەمین ڕۆژنامەڤانیا باژێرڤانیا کوردی، گۆڤاری مـەتین، ژمارە 99، نیسانی 2000.باسی ئەم ڕۆژنامەیان کردووە.

*هەنـدی لـە ژمارەکـانی لـە ئەرشـیفی ڕەشـید باجەلان و مەجید گەرمیانی‌دا هەیە.

* چەند ژمارەیـەکی جارێکی‌تر چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

ڕۆژنامـەی کـەرکوك، ئەحمـەد تاقانـە، دەزگـای ئاراس، هەولێر، 2007.

**کرمانشاه**

**ڕۆژنامە**

1927

**خاوەن: فەرجوڵڵا کاویانی.**

**جێگا: کرماشان,**

**زمان: فارسی**

**قەوارە: گەورە، 4 لاپەرە.**

**ژمارەکان:**

ژمارە 1، ئاپریلی 1927.

ژمارە 96، 15ی تشرینی دووەمی 1932.

**کوکب درخشان**

**گۆڤار**

1927

بەرێوبەری بەرپرس: میرزا ئەحمەدی جەواهیری بروجردی.

سەرنووسەر: واحیدی.

جێگا: کرماشان.

زمان: فارسی.

ژمارەکان:

ژمارە 1، 22ی ئەیلولی 1927.

**لاوانی کورد**

(ڕەوشت و خوو)

**1927**

**گۆڤارێکی کوردییە لە بەغدا دەردەچێ**

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**چاپخانە:** النجاح.

**دیارە (ئەنوەر سوڵتانی) ئەو پێناسەیەی سەرەوەی لە کتێبخانەی مەدرەسەی موتاڵەعاتێ ڕۆژهەڵات و ئەفریقیا (سواس) لە کۆدی** Pet.9.357231 **لە لەندەن وای ڕاگواستووە.**

**هەرچی (مستەفا نەریمان)ە، لەژێر ناونیشانی (ڕەوشت وخو) وا پێناسەی دەکات:**

**(لاوانی کورد لە بەغدا، باسی 157 رەوشت و خوی وەك –وجدان واجبات, پاك و خاوێنی، عەزم, راستی, چالاکی, خۆ راگرتن, دەکات بۆ قوتابیان دانراوە.**


**112ل، بەغدا, نەجاح, نرخ 12 ئانە، 2×16سم.**

لێکۆڵینەوەیەکی (**کەمال رەئوف محەمەد**) لە کتێبی (**مستەفا سائیب ئەستێرەگەشە**)، وای دادەنێ پەیوەندی بە هەردوو بڵاوکراوەی (**دیاری لاوان**)و (**یادگاری لاوان**) هەبێت و کۆمەڵەی لاوانی کورد لە بەغدا دەریان کردبێت.

**پەیژە**

**گۆڤار**

1927




**ئەدەبی، ئیجتیماعی یە بە کوردی بۆ کوردایەتی ئەدوێ**

**خاوەن:** مستەفا شەوقی ڕەمەزان.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** 8 ئانە (**ناو بەغداد**)9 ئانە (**دەرەوەی بەغدا**).

**پێوانە:** (12×19)سم، 44 **لاپەڕەیە.**

**چاپخانە:** فرات/بەغدا.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** کوردییە (**کرمانجی باشوور**).

**رێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا(1) ژمارەی لێ دەرچووە.

– **ژمارە** 1، 1927.

**تێبینی:**

**ئـــەو بڵاوکراوانـــەی بەشـــێوەی نامێلکـــە دەردەچـــوون، جـــۆرە فێڵێـــك بـــووە، لەلایـــەن رۆشنبیرانی کوردەوە، لە (سانسۆر) کراوە، لەبەر چەند ئاستەنگێك بەپێی یاسای چاپەمەنیو هەر هۆیـــەکی دیکـــە بووبێـــت، (ســانــسۆر) مۆڵـــەتی دەرکردنـــی گۆڤـــار یـــان رۆژنامەیـــەکیان بـــە رۆشـــنبیرانی کـــورد نـــەداوە، بۆیـــە ئـــەوانیش بابەتـــەکانیان لـــە دوتـــوێی نامیلکەیەکـــدا کۆدەکردەوەو مۆڵـەتی یاساییان بۆ وەردەگرت، ئـــــەم تاقیکردنەوەیـــــەی رۆژنامەنووســـــیی کوردســتانی باشــوور، تــا ســەردەمی راپــەڕینی بەهاری 1991 بەردەوام بووە.**

**- ئـــەو ژمارەیـــەی گۆڤارەکـــە چـــاپکراوەتەوە، بڕوانە:**

**-مــستەفا شــەوقیو پەیــژە، مومتــاز حەیــدەری، هەولێر، 1985.**

**ئـەو (مـستەفا شـەوقی رەمـەزان)ە، (دکتـۆر مستەفا شەوقی قازیزادە) نییە، کە کاتی خۆی لـە (ژیـن و کوردسـتان)ی ئەسـتەمبۆڵ بابـەتی بڵاوکراوەتەوە، بەر لـە بڵاوکردنـەوەی کتێبەکـەی ممتاز حەیدەری مشتومڕو دانوستان لە سەر ئەم بابەتە، لەنێوان هەر یەك لە ممتاز حەیدەری و د. مـارف خەزنـەدارو کـەمال رەئـوف محەمـەد، زۆر کراوە، ئێستا ئەم بابەتە یەکلایی بۆتەوە.**

**اخوت**

**گۆڤار**

1928

**خاوەن:** **حاجی میرزا عەبدوڵلاّی کرماشانی.**

**جێگا:** **کرماشان.**

**زمان:** **فارسی.**

**ژمارەکان:**

**ژمارە 10و11، 21ی نیسانی 1929.**

**ئاگری**

**رۆژنامە**

1930

**ئـەم بڵاّوکراوەیـان، کـەم سەرچـاوە باسـیان کـــردووە، ئیحـــسان نـــوری پاشـــا لـــە بیرەوەرییەکانیـدا وای نیـشان دەدا، ئـەوان لـە ساڵی 1930دا لە کاتی شۆرشی ئاگری دەریـان کردبێـت، نـەك هـەر ئەوەنـدە، قـەدری جـەمیل پاشـاو ئیحـسان نـوری شیعرێکیـشیان بـەناوی (ئـاگری) بڵاّوکردۆتـەوە، وای نیـشان دەدات لـە رۆژنامەیەکە پەخش کرابێ.**

**ڕییا تازە**

**ڕۆژنامە**

1930



РИА ТӘЗӘ

**سـەرەتا ئۆرگـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی کۆمۆنیـستی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی بووە، بە زمانی کوردی**

**– ڕۆژنامەکا سیاسی، جڤاتی، کلتوور**

**– ڕۆژنامەکا مەخلوقاتی و کەلتوورییە**

**بـەرپرس: گیڤـورک بـایس، هەراچـیا کۆچـەر، هارچـــوون مەکرەچـــیان، جـــەردۆییێ گـــەنجۆ** (1937).

**میرۆیی ئەسەد** (1955–1989).

**تیالی ئەخۆ** (1989–1991).

**عەمرێیکی سەردار** (1991– **تا ئێستا**).

**چۆنیەتی دەرچوون: هەفتانە، هەفتەی دوو جار.**

**پێوانە:** ( )**سم و** 4 **لاپەڕە بووە.**

**جێگا: یێریڤان/ ئەرمەنستان.**

**وێنە: هەیە.**

**زمان: کوردی (کرمانجی باکوور).**

**ڕێنـووس: لاتـینی، ئینجا سـلاڤی ڕووسـی، بـەم دواییە بە ڕێنووسی کوردی لاتینی دەردەچێ.**

**ژمارەکان:**

**-ژمارە**1،25**ی مارتی** 1930 **دەرچووە تا ژمارە** 612**ی سـاڵی** 1938 **بـەلاتینی بـووە، لـە** 1**ی شـوباتی** 1955 **بـە ڕێنووسـی سلاڤی تـا سـاڵی** 1992 **بەردەوام بووە لە دەرچوون.**

**ژمارە** 4779**، تیرماه** 2001.


**ژمارە** 4797**، پێنج شەممە** 30 **ئەیلولی** 1999.

**ژمارە** 4811**، ئەیلولی** 2004.

**هاوار**

**گۆڤار**

1932




**کۆملا کوردی – مجلة کردیة**

**گۆڤارا کوردی– مجلة کردیة**

**خاوەنی: میر جەلادەت بەدرخان.**

**وێنە: هەیە.**

**نـــرخ:** 10**چـــەرمی عـــادی،** 5ر12 **چـــەرمی خەملاندی.**

**پێوانـــە:** (20 ×28)**ســـم، ســـەرجەمی هـــەموو ژمارەکانی** 808 **لاپەڕەیە.**

**چاپخانە: تەرەقی، سبات.**

**جێگا:** دیمەشق/سوریا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی باکوور**)، فەرەنسی.

**ڕێنووس:** ژمارە (1-23) عەرەبی‌و لاتینی، ژمارە (24-57) بەتەنیا لاتینی.

**ژمارەکان:** تەنیا (57) ژمارەی لێ دەرچووە.

-ژمارە 1، 15ی گوڵانی 1932.

-ژمارە 57، 15ی ئابی 1943.

**تێبینی:**

* هەموو ژمارەکانی چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

- هاوار، هەژمارا (1-23)، بەرگا ییک، بەرگا دوو، هەژمارا، (24-57)، ئامادەکرنا فورات جەوەری، نودەم، ستوکهۆڵم- سوید، 1998.


- هاوار.. بەرگا یێک، هەژمار(1-23)(1932-1933)، بەرگا دوو، هەژمارا (24-57)، کۆبەندا کاوە بۆ چاندا کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر-کوردستان، 2001.

**یادگاری لاوان**

**و**

**دیاری لاوان**

1934-1933




**خاوەنی:** کۆمەڵەی لاوانی کورد.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** 40 فلس، 30 فلس.

**پێوانە:** (16 ×5ر23) سم، 80-100 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** بەغدا، کەرخ.

**جێگا:** بەغدا.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

ژمارە 2ی لە 1933دا، بەناوی (**یادگاری لاوان**) دەرچووە.

-ژمارە3ی لە 1934دا، بەناوی (**دیاری لاوان**) بلاوکراوەتەوە.

**تێبینی:**

وەکو دەبینین ئێمە ژمارە (2، 3)مان بۆ هەردوو نامیلکەکە داناوە، دیارە پێشتر ژمارە (1)مان، بۆ نامیلکەی (**لاوانی کورد**) جێهێشتووە، کە لەچەند لاپەڕەی پێشوودا باسمان کردووە، لە ڕاستیشدا هیچ کام لە نامیلکەکان، زنجیربەند نەکراون.

-غەفوری میرزا کەریم، بەناونیشانی (**یادگاری لاوان و دیاری لاوان**) کتێبێکی نووسیوە، لەساڵی 1978دا، لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا، چاپکراوە.


-دوو جار لە لایەن بنکەی ژین"ەوە چاپکراوەتەوە، بڕوانە:

دیاری لاوان و یادگاری لاوان، ئامادەکردنی ڕەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی سدیق سالح، بنکەی ژین، چاپی یەکەم دووەم، چاپخانەی شڤان،سلێمانی، 2005.

**ڕوناكی**

**گۆڤار**

1935



**گۆوارێكی هەفتەیی علمی اجتماعی، ادبی كوردی‌یە**

**مدیر مسئول:** محامی محەمەد شیت مستەفا.

**؟:** سەید حوسێن حوزنی موكریانی.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** (10)فلس.

**پێوانە:** (22.5× 29.5 ) سم و 16 لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** (موصل الحدیثة) لە موسل، زاری كرمانجی لە ڕەواندز، دواتر لە هەولێر.

**جێگا:** هەولێر .

**زمان:** كوردی (**كرمانجی باشوور**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەكان:** تەنیا (11) ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە.

- ژمارە1، 24ی تشرینی یەكەمی 1935.
- ژمارە 11، 16ی مایسی 1936.

**تێبینی:**


ئۆریژناڵەكانی لە كتێبخانەی هەر یەك لە (**ڕەفیق ساڵح**) و (**عەبدوڵڵا زەنگەنە**) و (**كتێبخانەی گشتی سلێمانی**) و چەند شوێنێكی دیكە هەیە.

هەموو ژمارەكانی چاپكراوەتەوە، بڕوانە: (**ڕووناكی .. یەكەمین گۆڤاری كوردی شاری هەولێر**)، ئامادە كردنی د. كورستانی موكریانی، دەزگای بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2001.

**زبان**

**ڕۆژنامە**

1937



**ڕۆژنامەیەكی كوردییە شەمووان دەرئەچێ**

**خاوەنی:** شارەوانی سلێمانی.

**وێنە:** نییە.

**نرخ:** 4 فلس.

**پێوانە:** (5ر22×34)سم، (21×38) سم، (30×45)سم و(4-6) لاپەڕەیە.

**چاپخانە:** بەلەدیە.

**جێگا:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:**

ژمارە1، **ساڵی** 1، 11**ی ئەیلوولی** 1937.

-ژمارە 94، **ساڵی** (3)، 18**ی کانوونی دووەمی** 1941. **تا ئێستا نەزانراوە ژمارەی دیکەی لێ دەرچووە یان نا؟!**

<u>**تێبینی:**</u>


ژمارە (1)ی بە ناوی (ژیان) دەرچووە.

**بەبۆنەی کۆچی دوایی مەلیك غازی ژمارەیەکی بەناوی (عدد خاص) بە چوار لاپەڕە بڵاوکردۆتەوەو هیچ ژمارەیەکی لەسەر دانەنراوە.**

**زانستی**

**(گۆڤار)**

1938



**مجلەیەکی علمی، ادبی، تأریخی، اقتصادی، مانگی دووجار دەردەچێ**

**خاوەندو مدیر مسئول:** ساڵح قەفتان.

**وێنە:** نییە.

**پێوانە:** (30×22)سم و 16لاپەڕەی بەرگدارە.

**چاپخانە:** ژیان (**پیرەمێرد**).

**نرخ:** (4) فلسە.

**جێگا:** سلێمانی.

**زمان:** کوردی (**کرمانجی خواروو**).

**ڕێنووس:** عەرەبی.

**ژمارەکان:** تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە 1ی لە 25**ی شوباتی** 26/1938**ی ذي الحجة** 1356 **هـ**.

<u>**تێبینی:**</u>

**کەمال رەئوف محەمەد دۆزیویەتەوەو بەناوونیشانی "ساڵح قەفتان و یەکەم گۆڤاری سلێمانی" لە هەردوو ژمارە (78، 79)ی ئاب و ئەیلوولی1989ی گۆڤاری(کاروان)، لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی لەسەر بڵاوکردۆتەوە.**

**گەلاوێژ**

**گۆڤار**

1939



**گۆڤارێکی ئەدەبی و ثقافی و مانگی کوردییە.**

**خاوەنی ئیمتیازو مدیر مسئول:** ئیبراهیم ئەحمەد.

**مدیر ادارەو نووسین:** عەلائەددین سجادی.

**مدیر مسئول:** محامی فائق تۆفیق.

**وێنە:** هەیە.

**نرخ:** 50 فلس، 60 فلس.

**سالانە** 600 **فلس، بۆ مەلاو فەقێ و قوتابی شەش مانگی بە** 200 **فلس.**

**پێوانە:** (17×23)**سم**، (5ر×22) **سم.**

**چاپخانە: نجاح، معارف.**

**جێگا: بەغداد.**

**زمان: کوردی بە هەردوو (کرمانجی خواروو، کرمانجی باکوور) (جاروبار).**

**رێنووس: عەرەبی.**

**ژمارەکان:** 116 **ژمارەی لە** 105 **بەرگدا لێ دەرچووە.**

-**ژمارە** 1، **ساڵی**1، **کانوونی یەکەمی** 1939.

-**ژمارە** 8، **ساڵی** 10، ،**کە دەکاتە دوا ژمارە، لە ئابی** 1949**دا بڵاوکراوەتەوە.**

<u>**تێبینی:**</u>

**ژمارەکانی ساڵی یەکەم و دووەم هەتا ئێستا چاپکراونەتەوە، بڕوانە:**

-**گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یەکەم، دەزگای خاك، شڤان، سلێمانی،** 2007.

-**گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی دووەم، دەزگای خاك، شڤان، سلێمانی،** 2007.